گەورەیی نەورۆز لە دیدی پیاوانی مەزنی ئایینی کورد

مەولود ئیبراهیم حەسەن

ئەم ڕۆژی، ســـــاڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە

جەژنێکی، کۆنی کوردەو بە خۆشـــی و بە هاتەوە

پیـــرە مێـــردی شـــاعیر لەم !شـــیعرە پـــڕ لە داهێنـــانەدا هەمـــوو مێـــژووی ١٢ هەزار ســـاڵەی جەژنـــی نەورۆزی لەم دوو نیـــوە دێـــڕەدا کـــۆکردووتەوە، ســـەلماندوویەتی کە جەژنـــی نەورۆز جەژنێکـــی "کـــۆنە" و جەژنی "کورد"انیشە !

نەورۆز بەم تەمەنە کـــۆن و درێـــژەی زۆر ســـەردەم و زۆر دەســـەڵات و زۆر نەتەوە و زۆر ئـــایینی دیـــوە؛ لەم مێـــژووە پـــڕ لە ســـەرودەراوەدا چەنـــد تایبەتمەنـــدیەکی هەیە، بە هەر شـــێوەیەک بێـــت ئەم تایبەتمەندیانەی خۆی پاراستووە و تا ئەمڕۆی هێناون .

یەکەم، نەورۆز ڕۆژی یەکەمـــی مـــانگی یەکەمـــی (مـــانگی نەورۆزی) ســـاڵێ نـــوێی کـــوردییە و ئەم ڕۆژە هەتاکو ئیمڕۆ هەر وەکوو خۆی ماوە و نەگۆڕاوە .

دووەم، ئەم ڕۆژە ڕۆژی شادی و ئاهەنگ و بەهار و ژیانەوەی سروشتە .

ســـێیەم، نەورۆز ڕۆژێکـــی پیـــرۆز و ڕۆژی پاشـــا هەڵبـــژاردن و دامەزرانـــدنی حکـــومەت و دەوڵەت و ڕاگەیاندنی سەرکەوتنەکانی ساڵی پێشووە .

چـــوارەم، نەورۆز ئـــاهەنگی هەمـــوو کۆمەڵدنی خەڵـــک و حکـــومەت و پاشـــا و پیـــاوانی ئـــایینی بـــووە، هەر ئایینێک ئایینی خەڵکەکە بووبێ و هەر پاشایەک لەسەر تەخت بووبێ .

پێـــنجەم، ئەم جەژنە هەرچەنـــدە لە کوردســـتان  ســـەری هەڵـــداوە و هەر لە کوردستان   یش بە دنیـــادا بڵاو بووەتەوە و هەر زووش بە چوار دەور و دنیادا دوور ڕۆیشتووە .

شەشـــەم، نەورۆز لەســـەرەتای ســـەرهەڵدانیەوە، کە  هێشـــتا ســـەردەمی بەســـتەڵەک بـــووە، هـــاتنی نەورۆز و ئـــاهەنگگێڕان پێویســـتی بە ئـــاگرکردنەوە هەبـــووە، بـــۆ دوو شـــت: وەک هـــۆیەک بـــۆ گەرمبـــوونەوە و خـــۆ پاراســـتن لە ســـەرما؛ هەروەهـــا وەک هـــۆیەک بـــۆ ئاگـــادار کـــردنەوەی دوورونزیـــک بە هـــاتنی بەهـــار و ڕۆژی جەژن و ئاهەنگ گێڕان.

ئەم مێـــژووە دوورودرێـــژە، ئەم جـــوگرافییە بڵـــاو و زۆر و لێـــک جیـــایەی نەورۆز بـــووەتە هـــۆی ئەوەی زۆر چیرۆکـــی لێـــک جیـــا و ســـەیر و ئەفســـانەیی بـــدرێتە پـــاڵ نەورۆز! هەر ئەمەشـــە وای کـــردووە  ئێســـتا زۆر ڕای جیـــاواز لە بـــارەی ســـەر هەڵـــدان و شـــوێن و زەمەنەکەی نووســـراوە و دەگێـــڕدرێتەوە. وای لێهـــاتووە هەر وڵـــات و نەتەوەیە چیرۆکـــی خـــۆی هەبێـــت و هەنـــدێکیان زیـــاتر لە چیرۆکێکیـــان بـــۆ پەیـــدابوون و ســـەرهەڵدان و زەمەن و شـــوێنەکەی هەیە! بەڵـــام، چیرۆکـــی ڕاســـتەقینەو بەڵـــگەداری ئەوەتە لە کوردستانە !

شـــوێنەوارناس و پســـپۆڕانی مێـــژووی کـــۆن، زۆربەی هەرە زۆریـــان لەســـەر ئەوە کـــۆکن کە نەورۆز هەمـــان جەژنـــی "زەگـــمەک"ی ســـۆمەرییەکانە و پەیوەســـتە بە داســـتانی "دەممـــوز و عەشـــتار"ـەوە، ڕۆژەکەش ئەو ڕۆژەیە کە دەممـــوزی پـــاش ئەوەی شـــەش مانـــگ وەک ســـزایەک دەچێـــتە "جیهـــانی ژێـــرەوە" (بـــن دنیـــایێ) و پـــاش ئەوەی شـــەش مـــانگی ســـزادانەکەی تەواو دەکـــات، لە ڕۆژی یەکەمـــی مانگی یەکەمی ساڵی نوێی سۆمەری کە دەکاتە هەمان ساڵی کوردی  دێتەوە سەر دنیا !

هەر مێژوونـــووس و شوێنەوارناســـانی شارەزاشـــن، زەمەنـــی ئەم داســـتانە دەبەنەوە ســـەردەمی ســـەرهەڵدانی کشـــتوکاڵ بـــۆ یەکەمـــین جـــار، کە ١٠ هەزار ســـاڵ پـــێش زایینـــە. بـــۆ شوێنەکەشـــی ئـــێمە لە لێکۆڵینەوەیەکـــدا ئەو جیهـــانی ژێـــرەوە (بـــن دنیـــایێ(یەمـــان دۆزیەوە، کە بە دیـــدی ئـــێمە، ئەو شـــوێنە شـــاری ژێرزەمینـــی "دێرینکۆیـــۆ"یە! ئەو شـــارە ژێـــرزەمینییە هەشـــت چـــین  لە ژێـــر چـــین دا بە زەویـــدا

چـووەتە خـوارەوە. هەر بە لێکـۆڵینەوەی پسـپۆڕانی شـوێنەوار و مێـژووی کـۆنیش، ئەم شـارە تەمەنـی ١٢هەزار سـاڵە! کە هەمـان تەمەنـی سـەرهەڵدانی کشـتوکاڵە و داسـتانی "دەممـوز و عەشـتار"ـە! تایبەتمەنـدییەکی کە ئەو شـارە هەیەتـی، تەواو دەگـونجێ لەگەڵ سـزادانی عەشـتار و دەممـوزی کە دەبـردرێنە جیهـانی ژێـرەوە، دەبـێ حەوت دەرگـا ببـڕن و لە هەر دەرگـایەک بەشـێک لە پۆشـاک و خشـڵ و چەکەکانیـان دابنـێن! تـا لە کۆتاییـدا ڕووت دەبـنەوە، ڕووتـی ڕووت. هەر بـۆیە ئەو شـارە هەشـت چین لە ژێر چینە زۆر گونجاوە لەگەڵ یاسای سزادانی عەشتار و دەمموزی .

کـۆنی و گەورەیـی داسـتانی عەشـتار و دەممـوزی، بەم هەمـوو ڕەگەزە پـڕ لە عەشـق و خۆشەویسـتی و پـڕ لە تراجیـدی و کۆمێـدییە، بـووەتە هـۆی دەوڵەمەنـدی ئەدەبـی ئەفسـانەیی میللەتـانی سـۆمەر و ئەکەد و بابـل و ئاشـووری و زۆری تـر لە میللەتـانی تـری پـێش زایـین؛ هەتـا پەڕیـوەتەوە نێـو ئەدەبـی میللەتـانی دوور و دوای زایینـیش! هەر ئێسـتا لە نێـو دەقە میخییەکـان دەقـی جۆراوجـۆری ئەو داستانە دەستدەکەوێ .

بە هەمـان شـێوە چـونکە داسـتانی دەممـوز و عەشـتار بە "جەژنـی زەگـمەک" دەسـت پـێ دەکـات و لە هەمـان ڕۆژی یەکەمـی سـەری سـاڵی سـۆمەرییە، کە ئێسـتا ئەو جەژنە دەکـاتە "جەژنـی نەورۆز"ی خۆمان، نەورۆزی کوردا! ئەمەش دیسان پشتگیری پسپۆرانی شوێنەوار و مێژووی کۆنی لە پشتە !

ئەو داسـتانە بە نێـوی نەورۆز پەڕێـوەتەوە دوای زایـن و چـووەتە نێـو ئەدەبـی میللەتـانی نـاوچەکە و هەمـوو جیهـان. ئەگەر واز لەم هەمـوو مـیللەت و وڵـاتە بێنـین کە داسـتانی نەورۆز (زەگـمەک)، داسـتانی دەممـوز و عەشتار یان تێـدا بڵـاو بـووەتەوە، تەنیـا لە نێـو ئەدەبـی کـوردی و، لە ئەدەبـی کـوردیش تەنیـا شـیعر وەربگـرین، ئەوا لە نێـو بەرهەمـی !شـیعری گەورەپیاوانـدا ئەم "نەورۆز"ـە بەگەشی دەدرەوشێتەوە !

بـۆ ئەوەی زۆر بـاری لێکـۆڵینەوەی وتارەکەمـان گـران نەکەیـن، سـەر بە مـاڵی !شـیعری حەوت شـاعیری مەزن دادەگـرین و یەکە و بەڵگەیەکیـان لـێ هەڵـدەبژێرین و دەیخەیـنە بەرچـاوی تێنـووانی ڕەوشـی نەورۆز !

ئەم حەوت شـاعیرەش گەورە پیـاوانی شـیعر و ئـایینن؛ کە ئەو شـاعیرانە زۆر بە پیـرۆزی و مەزنـی باسی "جەژنی نەورۆز"یان کردووە.

باباتاهیری هەمەدانی (٩٣٨–١٠١٠)

باباتـاهیری هەمەدانـی کە باباتـاهیری لـوڕ و عوریـان یشـی پـێ دەڵـێن، شـاعیرێکی گەورە و عـاریفێکی خودانـاس و خـاوەن بەش بـووە. ئەو پیـاوە مەزنەی کـورد و ئیسـلام لە چـوارینەیەکی دا ئەوەنـدە جـوان نەورۆز بەرز دەکـاتەوە، دەیبـاتە ئاسـتی گەیشـتن بە "یـار" و خۆشـیەکانی دیتنـی یـار؛ لە شیعرەکە دا دەنووسێ :

جودا ئەز رویەت ئەی ماهی دڵ ئەفروز

نە رۆز ئەز شەو شناسم نە شەو ئەز ڕۆز

ویسالت گەر مەرا گەردەد مەیسەر

همە رۆزەم شەوە چۆن عیدێ نەورۆز

لێـرە بەدەر دەکەوێ لەو سـەردەمەش هێشـتا ئـاهەنگی شـەوی نەورۆز ڕەونەقـی خـۆی لەدەسـت نەداوە و هێنـدە خـۆش و پـڕ ئاهەنـگ و دڵگیـر بـووە، ئەوەتە باباتـاهیری عـاریف گەیشـتن بە یـاری خـۆی لە خۆشـیدا بە شـەوی خۆشـیی نەورۆز دەچـووێنێ! هەمـوو لایەکیش ئەوە دەزانـن کە باباتـاهیر لە ئیسلامبوون و لە دینداری دا هی ئەوە نییە گومان لە ڕاو کارەکانی بکرێت !

ئەحمەدی جزیری (١٥٧٠–١٦٤٠)

مەلای ئەحمەدی جزیری یەکێ لە شاعیرە مەزنەکانی ڕۆژهەڵات و خوداناسە مەزنەکانی جیهانی ئیسلامە و شەوچراغی شەوی کوردستانیشە! لە شیعرێکدا لە باسی نەورۆز دەفەرمووێ :

ئەڤ نار سیقالا دلە

دایم ل وی قالا دلە

نەوروز ئو سەر سالا دلە

وەختی هلیتن ئەو سیراج

ئەو مەلای شاعیرە، دەرکەوتنی "یار" ی خۆی کە وەک "سیراج" (چرا)یە و دنیا و دڵی شاعیر ڕووناک دەکاتەوە، ئەو ڕووناک کردنەوەیە وەک ئەوە وایە ڕۆژی نەورۆز و سەری ساڵی دڵ بێت، لە دڵی مەلای جزیری دا. ئەمەش هۆی ئەو مەزنی و خۆشییە ڕۆحییەیە کە شاعیر لە ڕۆژی نەورۆز دا دەیبینێ، کە هەمان خۆشی لە هەڵهاتنی چرا (سیراجی دڵ)دا دەیبینێ! جزیری لە زانستە دینی و شەرعییەکان مامۆستایەکی مەزن و ناودار بووە.

ئەحمەدی خانی (١٦٥١–١٧٠٦)

شاعیری گەورە و زانای ئایینی ئەحمەدی خانی، کە عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ لە کتێبە گرنگەکەیدا بە فەیلەسوف ناوی دەبات، "داستانی مەم و زین"ی لە ڕۆژی نەورۆز دەست پێ کردووە و نەورۆزی خستووەتە نێو فەلسەفەی ژیان و خۆشەویستی و پێکهێنانی دەوڵەت. بۆیە لە داستانی

"مەم و زیــن"دا زۆر بە جــوانی باســی نەورۆز دەکــات و چەنــدین جــار نــاوی هێنــاوە، بــۆ نمــوونە، دەفەرموێ :

ڕۆژا کو د بوویە عیدێ نەورۆز

تەعزیم ژ بۆ دەما دلئەفرۆز

بلجوملە دچوونە دەر ژ مالان

هەتا دگهیشتە پیر و کالان

ســەیرکە خــانی مەزن و پیــاوی ئــایینیی و کــوردی ڕەســەن، چــۆن نەورۆز بە "عیــدێ" نــاو دەبــات و دەفەرمــووێ لەو "عیــد" (جەژن) ـەدە دا خەڵــک بەتەواوی لە مــاڵ دەچــوونەدەر بە پیــر و کــاڵ و ژن و منــداڵەوە. لەو ڕۆژە خــۆش و "عیــدە دڵئەفــرۆز"ـەدا دەیــان کــرد بە ڕۆژی خۆشــی و شــادی، هەمــووان مــاڵ و گەڕەک و گونــد و شــاریان جــێ دەهێشــت و دەشــت و دەریــان ئــاوەدان دەکــردەوە. ئەگەر ســەرنج بــدەین، ئەحــمەدی خــانی ڕۆژی نەورۆزی بە "جەژن" نــاو بــردووە و ئاهەنــگ و خۆشــی ئەو ڕۆژەشــی بە "ڕەوا" زانیــوە! دەشــبینین خــانی لە دیبــاجەی "مەم و زیــن"دا چ جــوان و موســڵمانانە و زانایــانە بە خــوا و پێغەمــبەر و ئــایینی دا هەڵگوتــووە! تــۆ بڵێــی ئەحــمەدی خــانێ نەورۆزی نەناســیبێ و لە ئایین تێنەگەیشتبێ؟!!!

مەولەوی تاوەگۆزی (١٨٠٦–١٨٨٢)

"مەولەوی"ش وەک پیــاوێکی ئــایینی و زانــایەکی شــەرع و دیــن و پیــاوێکی دڵپــڕ عەشــق، عەشــق بە هەردوو مانایەوە،هاوکــات، وەک نەورۆزناســێک و نەورۆزدۆســتێک، هەســت بە هــاتنی نەورۆز دەکــات و نیشــانە سروشــتییەکانی نەورۆز لە گۆڕانکارییەکــانی وەرزەکانــدا دەبینــێ و دەیخــاتە نێــو شــیعرەوە. ئەمەش نیشــانەی ئەوەیە کە مەولەوی وەک کوردێــک، هەر لە منــداڵیەوە لە نێــو کولتــووری نەورۆزی

پیـــرۆزدا ژیـــاوە و ســـاڵانە بە هـــاتنی نەورۆز دڵخـــۆش بـــووە و هاوبەشـــی خۆشـــییەکانی نەورۆزی کردووە لەگەڵ خەڵکەکە. بۆیە لە شیعرێکدا دەنووسێ :

نیشانەی نەورۆز وادەی وەهارەن

یا نەشئەی ئامای نامەی نیگارەن

مەولەوی مەزن لەم دوو نیـــوە دێـــڕەدا، بە وردی بـــاس لە نیشـــانەکانی نەورۆز و هـــاتنی بەهـــار دەکـــات، وەک هـــۆیەک بـــۆ دڵ بە نەشـــئەکەوتن و دڵخۆشـــی و هـــاتنی هۆیەکـــانی دڵخۆشـــی کە نەورۆز و بەهـــارن، وەک ئەوەی نـــامەی "نیگـــار"ی بـــۆ هـــاتبێ، چـــونکە نەورۆز و بەهـــار مـــایەی خۆشـــی و شـــادین. دیـــارە دڵخـــۆش بـــوون بە هـــاتنی نەورۆز لـــەلای مەولەوی، ئەو مانـــایەی بەدواوەیە کە مەولەوی نەورۆز بە "جەژن" دەزانـــێ و هـــاتنی ئەو جەژنەش وەک هـــاتنی نـــامەی نیگـــار دەبینـــێ! نیگـــاریش لێـــرە هیمـــایە بـــۆ هەردوو جـــۆرە عەشـــق، کە مەولەوی وەک زۆر لە شـــاعیران و عاشـــقان و ســـۆفییەکان هەردووکـــی تێکەڵ کردووە.

حاجی قادری کۆیی (١٨١٧–١٨٩٧)

حـاجی قـادری کـۆیی وەک مەلایەکی زانـا و شـاعیرێکی کـوردی یـاخی لە زۆر شـتی نەگونجـا و لە نێـو کـــۆمەڵگەی کـــوردەواری، وەک پیـــاوێکی هۆشـــیار لەگەڵ کـــۆمەڵگەیەکی کـــوردەواری پێشـــکەوتوو دابـــووە! زۆر ڕەوشـــی خـــراپ و نەگونجـــاوی بە بەڵـــگەی ئـــایینی ڕەت دەکـــردەوە، کە کـــۆمەڵگە وەک کولتـــوور بە کاریـــان دەهێنـــا. زۆر گۆڕانکاریشـــی داوا دەکـــرد، کە کـــۆمەڵگە بە پێـــی یاســـای کولتـــوور ڕەتیـان دەکـردەوە، ئەو پشـت بە ئـایین داوای دەکـرد پەیـڕەو بکـرێن. سـەیرکە ئەوەتە لە شـیعرێکدا تـان لە بـایی نەورۆزی دەدات و پێـی دەڵـێ.. ڕۆژتە ئەی بـایی نەورۆزی هەڵسـەو کـاری خـۆت بـکە، حـاجی لەم شیعرەدا دەنووسێ :

ڕۆژتە ئەی بایی نەورۆزی لە بن بای فری گران

کانی پێی سڕ بووە چناریش دەست و پەنجەی تەزی

لەم شـــیعرە بەرزەی حـــاجی ئەوە دەردەکەوێ، کە حـــاجی وەک سروشـــت و کـــانی و چنـــار چـــاوەڕێی هـاتنی بـای نەورۆزە، چـونکە بـایی نەورۆزی لەگەڵ هـاتنی خـۆی زۆر شـت دەگـۆڕێ، ئەوەتە کـانی پێـی سـڕ بـووە، واتە بەسـتوویەتی، پێویسـتی بە هـاتنی بـایی نەورۆزیـیە، چـونکە ئەو بـا نەورۆزیە ئەو بەسـتنە دەتـوێنتەوە و ئەو سـڕبوونەی پێـی کـانی نـاهێڵێ! هەروەهـا چنـاریش کە ئەویـش وەک کـانی دەسـتی چـووە و پەنـجەی تەزیـوە، بە هـاتنی ئەو بـایی نەورۆزی، ئەویـش دەسـت و پەنـجەی تەزیـوی گەرم دەبێـتەوە، چـونکە هـاتنی بـای نەورۆزی دەبێـتە هـۆی تـوانەوەی بەفـری گـران و گـۆڕانی ئـاووهەوا و بەرە بەرە گەرم داهـــاتنی ســـەقای وڵـات. ئەمەش ئەم هەمـــوو گۆڕانکـــارییە بە هـــۆی هـــاتنی بـــای نەورۆزیە، ئەو بـایەی سروشـت و ژیـان دەگـۆڕێ و خۆشـتر و جـوانتری دەکـات. حـاجی قـادر لەوەش تێگەیشـتووە کە بـای نەورۆزی بە جەژنـی نەورۆز و ئاهەنـگ و شـادیەکەی دەسـت پـێ دەکـات! ئەم داواکـردن و ئومێـد پـێ بـوونەی حـاجی بە هـاتنی بـای نەورۆزی، مانـای ئەوەیە حـاجی قـادر نەورۆزی بە جەژن زانیـــوە و داوا لـــێ کردنەکەشـــی بـــۆ گۆڕانکارییەکـــان بەڕەوا بینیـــوە! ئەوەش مانـــای ئەوە دەداتە دەسـتی کە حـاجی قـادر نەورۆزی بەتەواوی ناسـیوە و لە شـەرع و ئـایینیش حـاڵی بـووە و ئەم دووانەی دژ بە یەک نەزانیـوە. ئەوە جـگە لەوەی !شـیعرە بەرزەکەی حـاجی، گـوتم بە بختـی خەوالـۆ، !شـیعرێکە باسـی سـەرەتای بەهـار، هـاتنی نەورۆز دەکـات و لە دوورە وڵـاتی جوانییەکـانی مـانگی نەورۆز و بەهـار دێنێـتەوە بەرچـاو و لەوێـوە ئەم نـامە شـیعریە دەنووسـێ بەو هیـوایەی بگـاتەوە وڵات و بەدەستی دۆستان بگات .

مەلای گەورە (١٨٧٦–١٩٤٣)

مەلا محەمەدی کۆیی کە بە مەلای گەورە ناسراوە، ئەم گەورەییەی بە هۆی تەمەن و پلە و پایەوە نەبووە؛ بەڵکوو بە هۆی زانایی و هۆشیاریی و ئازایەتی بووە. زانایییەکەی لە ئاییندا بەرچاو و ناسراو بووە، لە رووی کۆمەڵایەتی و کوردایەتیشەوە پێشڕەو بووە، شارەزای شەرع و ئایین و مێژووی کورد و حاڵی سەردەم بووە. ژیانی ئەو مامۆستایە پڕە لە هەڵوێستی جوانی ئایینیی و ئازایەتی و کوردایەتی و پێشڕەویی کۆمەڵایەتیی. ئەو مامۆستا مەزنە لە بارەی نەورۆز رای ڕوونە و بە ئاشکرا و بە دەنگی بەرز نەورۆزی پەسند کردووە. لە ١٩٣٨/٣/٢١ لە کۆیە و لەبەر دەرکی سەرا و بە بۆنەی نەورۆزەوە دەڵێ :

ئەمڕۆ ڕۆژێکە پڕ لە نوور

دنیا ماڵە ماڵە پڕ لە سرور

ژاڵە دەدرەوشێتەوە

لالە دەگەشێتەوە

...

بەڵی ئەمڕۆ ڕۆژی مرادە، نەورۆزی گەلە حەقە

ڕۆژێکی زۆر موبارەکە ئەوەلی بەهارە

جەژنە جەژنی ئوممەتە جەژنی موحیبەت و ئولفەتە

ئەگەر سەرنج بدەین بە ڕۆژی پڕ لە نوور و سروری ماڵەماڵ باسی دەکات. دەڵێت لەو ڕۆژەدا ژاڵە دەدرەوشێتەوە و لالە دەگەشێتەوە. مەلای گەورە، نەورۆز بە ڕۆژی مرادی دەزانێ و بە ڕۆژی گەل ناوی دەبات و وەک ڕۆژێکی موبارەک پیرۆزی دەکات و وەک جەژنی ئوممەت دەیناسێنێ و بە جەژنی موحیبەت و ئولفەت مۆری خۆی لە نەورۆز دەدات! ئەم هەموو پێدا هەڵگوتن و پەسند کردن بەو جەژنی گەلە، بە جەژنی ئولفەت و موحیبەت و خۆشەویستی ناوی دەبات، کە هەمان

پێـــدا هەڵگـــوتنە کە ســـاڵی ٢٠١٠ نەتەوە یەکگرتووەکـــانە جەژنـــی نەورۆزی بە "کولتـــووری ئاشـــتی" بە دنیـــا ناســـاند و کـــردی بە جەژنـــی هەمـــوو جیهـــان. جـــا ئەمە دەری دەخـــات کە مەلای گەورە بە جـــوانی نەورۆزی ناســـیوە و بە دژی ئایینیشـــی نەزانیـــوە! جـــا دەبـــێکەس هەبێـــت و گومـــان لە زانـــایی و شارەزایی ئایینی و شەرعی ئەو پیاوە گەورەیە، مەلای گەورە، بکات؟

مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس (١٩٠١–٢٠٠٥)

مامۆســـتا مەلا عەبـــدولکەریمی مـــودەڕیس، پیـــاوێکی نـــاوداری ئـــایینی و ناســـراو لەســـەر ئاســـتی عێـــراق وجیهـــانی ئیســـلامی، هەر بەو هـــۆیەوە چەنـــد ســـاڵێک دەبێـــتە "ســـەرۆکی زانایـــانی عێـــراق" و هەر ئەو مامۆســـتایەش توانـــای فتـــوای هەبـــووە. جـــگە لەوە زیـــاتر لە چـــل کتێبـــی هەیە و بەشـــێکیان لە بـــارەی شـــەرع و ئـــایینن.! ئەو پیـــاوە مەزنە لە نۆهەتەکـــان لە وەلامی ڕۆژنـــامەی عێـــراق دەڵـــێ: "جەژنـــی نەورۆز جەژنێکـــی ناســـراوی ســـەردەمی ئیســـلامی و پـــێش ئیســـلامە، هـــیچ دژایەتییەکـــی لەگەڵ ئـــایینی موســـڵمانان دا نیـــیە! جەژنـــی نەورۆز دروشـــمێک نیـــیە بـــۆ فەســـاد، بەڵکـــوو جەژنـــی بەهـــار و شـــادی کـــوردە". ســـەیرکە مامۆســـتای گەورە مەلا عەبـــدولکەریمی مـــودەڕیس چەنـــد لە دڵەوە و بە بـــڕواوە بـــاس لە پـــاکی نەورۆز دەکـــات و دەفەرمـــووێ"نەورۆز دروشـــمێک نیـــیە بـــۆ فەســـاد". بـــاس لە مێـــژووی نەورۆز دەکـــات پـــێش ئیســـلام و دوای ئیســـلام، بە جەژنـــی کـــوردی دەزانـــێ و دەڵـــێ هـــۆی شـــادیە! مەلا عەبـــدولکەریمی مـــودەڕیس بەو هەمـــوو زانـــایی و شـــارەزاییە دانپێـــدانراوەی کە لە شـــەرع و ئـــایین دا هەیەتـــی، ئەم ڕایە بە خـــۆڕا دەرنـــابڕێ. ئایـــا دەکـــرێ کەســـێک هەبێـــت گومـــان لە ڕاو قســـەکانی ئەو مامۆستا مەزنە بکات؟

ئەنجام

دوای وردبـــوونەوە و هەڵســـەنگاندن، دەرکەوت لە هەزار ســاڵ زیــاتر لەوە پــێش زانــا و عــارفێکی وەکــو باباتــاهیر نەورۆزی ‌لا پەســـندە و لە شـــیعرێکدا ڕۆژی گەیشـــتنی خـــۆی بە "یـــار"، بە خۆشـــییەکانی شـــەوی نەورۆز دەچـــووێنی. لەو ســـەردەمەوە بە دواوە بەردەوام زانـــا گەورەکـــانی کـــورد لە ئـــایینی ئیســـلام زۆربەیـــان نەورۆزیـــان بە جەژن زانیـــوە و ئەو جەژنەشـــیان پەســـند کـــردووە. لە کـــۆی ڕای ئەو زانایـــانە دەردەکەوێ جەژنـــی نەورۆز لەگەڵ ئـــایینی ئیســـلام دژ نیـــیە و ئەو جەژنە نـــابێتە هـــۆی فەســـاد. هەمـــوو ئەو مامۆســـتا و زانـــا ئایینییـــانەی ئیســـلام، کە نەورۆزیـــان پەســـند کـــردووە لە ســـەردەمی خۆیـــان و تـــا ئێســـتاش کەســـانێکن ناســـراون لە نێـــو جیهـــانی ئیســـلامی و لە دوای مەرگیشـــیان نـــاو و کەســـایەتی و ڕاکانیان بە هەند وەرگیراون.